حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری

بەشی ئابووری

# سروشتی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 2006 - 2021

**ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە بەشی ئابووری کراوە وەک ئامرازێک لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی ئابووری**

**ئامادەکردنی**

یوسف عباس عمر

ڕێناس محمدصابر

نداء محمد عبدلله

**بە سەرپەرشتی**

پ.ی.د. یاسین عوسمان

2023 - 2022

# بِسمِ اَللهِ اَلرَحمَن اَلرَحِيم

﴿قُلْ هَلْ يَستَوِي الَّذينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الألْبَابِ﴾

صَدَقَ اَللهُ اَلعَضِيم

سورەتى الزمر ئايەتى﴿9﴾

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە :**

**خانەوادەکەمان**

**مامۆستای سەرپەرشتیارمان**

**(پ.ی.د. یاسین عوسمان )**

**مامۆستاکان و سەرۆک بەشمان**

**هاورێ و هاوپۆلەکانمان**

**هەموو ئەو کەسانەی بوونەتە یارمەتی دەرمان لە ئامادەکردنی تویژینەوەکەمان**

**هەرکەسێك سوود لەم تویژینەوەیە وەردەگرێت.**

# سوپاس و پێزانین

**پاش سوپاسی خودای گەورە کە ئێمەی گەیاندە ئەم قۆناغە لە خوێندن سوپاسی خۆمان ئاراستەی مامۆستای سەرپەرشتیار**(پ.ی.د. یاسین عوسمان ) **دەکەین کەهاوکاری کردین بۆ گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە بەم ئاستەی ئێستای.**

**ليستى ناوەڕۆك**


بِسمِ اَللهِ اَلرَحمَن اَلرَحِيم .................................................................أ
ثێشكەشكردن .....................................................................ب
سوثاس و ثێزانين..................................................................ج
پێشەكی..........................................................................1
يەكەم: گرنگی توێژینەوەكە : .........................................................2
دووەم: كێشەی توێژینەوەكە : .........................................................2
سێیەم : ئامانجی توێژینەوە..............................................................2
چوارەم : پەیكەری توێژینەوە:...........................................................2
بەشی یەكەم......................................................................3
تەوەرەی یەكەم: وەبەرهێنانی بیانی و جۆرەكان..........................................3
پێناسە و سروشتی وەبەرهێنانی بیانی :..................................................3
پێناسەی وەبەرهێنانی بیانی.............................................................3
وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ :...........................................................5
تایبەتمەندی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ :.............................................5
وەبەرهێنانی بیانی ناڕاستەوخۆ :.........................................................6
تەوەرەی دووەم: ئامانج و پاڵنەرەكانی وەبەرهێنەر بیانی :...................................7
ئامانجەكانی وەبەرهێنەر ..............................................................7
پاڵنەرەكانی وڵاتی میواندار : ..........................................................8
تەوەری سێ یەم: ڕەخساندنی ژینگەیی بۆ وەبەرهێنانی بیانی :..............................12
بەشی دووەم: وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان بە پێی سەرمایە............................15
بەشی سێ یەم: دەرەنجام و پێشنیار...................................................19
دەرەنجام : .......................................................................19
پێشنیار : .........................................................................20
ليستی سەرچاوەكان : .............................................................21

**پێشەکی**

ئابوری ناوچەکە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم زیادبوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینی لەڕووی وەبەرهێنانی بیانیەوە لەبەر ئەوەی بەدیاردەیەکی بەهێز و کاریگەر دادەنرێت لە پەیوەندیە ئابوریە نێودەوڵەتیەکانەوە بەتایبەتی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ کەوا لەڕێگەی کۆمپانیا ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانەوە ئەنجامدەدرێت , وەبەرهێنان بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت لەگۆڕینی ئابوری نێودەوڵەتیەوە جا چ لەڕووی دارایی پالپشت بێت یاخود دارایی بە بازاڕکردن یاخود تەکنەلۆژی و تەنانەت دارایی ڕاگەیاندنیش. بابەتی وەبەرهێنانی و بیانی ، هۆکارەکانی بەکارخستنی و چالاککرنی لە هەرێمی کوردستان بەیەکێک لە بابەتە فراوانەکان دادەنرێت . وە وادەخوازێت ئاماژە بە لایەنەکانی ئەم بابەتە گرنگە بکرێت کە چەندان شت لە خۆی دەگرێت ، ئەمەش لە پێناو تیشک خستنە سەر هەندێکی تاکو دەستبگرین بە سەرە باسەکانی ئەم بابەتەو ببێتە دەروازەیەکی گونجاوبێ بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی کرداری بەکارخستنی وەبەرهێنان. گرنگی وەبەرهێنانی وەتەنی بیانی خۆی لەوە دەبینێتەوە کە خزمەتی بواری ئابوری کردووە لەو خزمەتانەی کە پێشکەشی کردووە وەک زیادکرنی سەروەت و سامان و بەکارخستنی چینی کرێکار و دانانی سنورێک بۆ بێکاری ، بە هۆی ئەوەی کە وەبەرهێنانی بیانی کۆمەڵی َ تایبەتمەندیانێک و شتانێک لە خۆی دەگرێت وای کرد ببێتە جێگای مقۆ مقۆ لە نێوان لایەنانی پشتیوان لێی لەگەل لایەنانی دژدا. خەملاندنی ئەم تویژینەوەیە بۆ ئەوە دەچێت کە وەبەرهێنان ڕۆبڵی ئەرێنی گرنگی بینوە لە پرۆسەی گەشەسەندن و بەکارخستن لە هەرێمی کوردستان.

**یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە :**

وەبەرهێنەری بیانی مافی ئەوەی هەیە کە بە پێی ویستی خۆی شەریکی هەبێت. کەسی وەبەرهێنەری بیانی مافی ئەوەی هەیە کە کرێکاری بیانی بهێنێت و کرێکارەکانیش مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو پارەیەی دەستیان دەکەوێت هەواڵەی وڵاتەکانی خۆیانی بکەن و ئەم رۆڵەش وابەستەیە بە هاتنە ناوەوەی کۆمپانیا بیانیەکان و ئەو توانا داراییە زەبەلاحەی کەهەیانە و توانایان بۆ هێنانی تەکنەلۆژیای پێشەوتوو کردنەوەی بواری کار و هێنانە ناوەوەی شێوازی نوێ بۆ بەڕێوەبردن و کارکردن لە ژێر ڕۆشنایی چەرخ و سەدەی نوێ و ڕاهێنان پێکردنی ئەندامەکانی وڵات لەڕووی کارگێڕی و هونەریەوە رەنگدەداتەوە .

**دووەم: کێشەی توێژینەوەکە :**

ئایا وەبەرهێنانی بیانی توانای ئەوەی هەیە کەوا سەرکەوتوو بێت لە کاراکردنی گەشەسەندنی ئابوری سەرەڕای نەبوونی پاشکەوتی نیشتیمان و ئەزمونی تەکنەلۆژیایی لە وڵاتە پاشکەوتوەکانی وەکو هەرێمی کوردستان.

**سێیەم : ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی توێژینەوەکەش ڕوونکردنەوەی ئاستەنگەکانی وەبەرهێنانی بیانیە لە هەرێمی کورستان و دیاری کردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم پرۆسەیەیە.

**چوارەم : پەیکەری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە پێشەکی و چوار بەش کە بەشی یەکەم بریتی یە لە چوارچێوەی توێژینەوە، وە بەشی دووەم بریتی یە لە وەبەرهێنانی بیانی و جۆرەکانی، بەشی سێ یەم بریتی یە لە بارودۆخی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی 2006 - 2021، وە بەشی چوارەم بریتی یە لە دەرەنجام و پێشنیار.

## بەشی یەکەم
## بیردۆزی توێژینەوە

### تەوەرەی یەکەم

### وەبەرهێنانی بیانی و جۆرەکان

**پێناسە و سروشتی وەبەرهێنانی بیانی :**

چەمکی وەبەرهێنانی بیانی بەتایبەت لەم دواییانەدا بەتایبەت لە دوو سەدەی کۆتاییدا ئەمەش بەهۆی سوود وەرگرتنی بەردەوام لە توانای کۆمپانیایە فرە نەتەوەکان بۆ وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵاتی دایکدا وەک دەسکەوت و بەروبوومی راستەوخۆ لە کۆمپانیای بیانی یاخود بنیاتنانی کارگەکان یاخود وەبەرهێنانێکی سەرکەشیانە لەبازاڕی پارەدا یاخود گرێبەست کردنی ستراتیژی لەگەڵ کۆمپانیا خۆماڵیەکان کە هەلی جۆراوجۆری دەڕەخساند بۆ وڵاتەکان لە پێناو سوود وەرگرتن لە وەبەرهێنانی بیانی. وەبەرهێنانی بیانی سەدەی کۆتاییدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لە بازرگانی جیهانی هاوپێچ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە دەسکەوتانەی لە بازاڕی سەرمایەداریدا کەوای کرد گۆڕانکارییەکان قوڵتر بێت وەهەروەها قەبارە و ئەندازە و شێوازی وەبەرهێنانی بیانی گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا بێت (الثعلبي، 2015 : ص12).

**پێناسەی وەبەرهێنانی بیانی**

وەبەرهێنانی بیانی پێناسە دەکرێت بەوەی کە وەبەرهێنەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چالاکی بە خودی خۆی یاخود بە سەرمایەکەی لە وڵاتێکی تر. زۆربەی جار وایە وەبەرهێنەرەکە کەسێکی معنویە لە شێوازی لقێک بەناو خۆیەوە یاخود بەناو کەسێکی تری معنویەوە دروست دەکات، وە وێنەی هاوبەشیەکەی لە ڕێگەی دامەزراوە خۆماڵیەکان دەبێت یاخود دامەزراوە بیانیە گشتیەکان یا تایبەتیەکان، یاخود لە شێوەی وێنەیەکی هاوبەش دەبێت لە هەمان وڵاتدا لە پرۆژەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا. وە هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە کەسێکی ئاسایی یاخود معنوی لە وڵاتێکی بیانی هەڵدەستێت بە بەکارخستنی هەوڵەکانی و سەرمایەکەی لە بنیاتنانی پرۆژەیەکی ئابووری بەتەنها خۆی یاخود بە هاوبەشی لە پرۆژەیەکی خۆماڵی یا بیانی یاخود لە شێوەی هاوبەشی کردن لەگەڵ وڵاتێک یاخود هاونیشتیمانیانی ئەو وڵاتە لە دروست کردنی

پرۆژەیەکی هاوبەش. تێبینی ئەوە دەکەین کە هەردوو چەمکەکەی پێشووتر گوزارشت دەکەن لە حاڵەتی یاخود شێوازی وەبەرهێنانی بیانی بەبێ جیاوازی لە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (محمد، 2012 : ص10).

وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ پێناسە دەکریت بە هەڵسانی کۆمپانیایەک یاخود دامەزراوەیەک کە بە وەبەرهێنان کردن لەو پرۆژانەی کە دەکەونە سنوری وڵاتی خۆیانەوە ئەمەش بە ئامانجی دروست کردنی کاریگەری لەسەر ئەو پرۆژانە. وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ دەکرێت چەند شێوازێک لە خۆ بگرێت، وەک دروست کردنی پرۆژەی نوێ یانیش خاوەنداریەتی کردنی بنەمای دامەزراوەیەکی ڕاوەستاو. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێناسەی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆی کردووە بەوەی وەبەرهێنەر لە 10% خاوەنداریەتی بکات یاخود زیاتر لە پشکەکانی سەرمایەی یەکێک لە دامەزراوە کارییەکان، بەوەی کە ئەم خاوەنداریەتیە توانای گۆڕانکاری هەبێت لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە (بلقاسم، 2006 : ص18).

بەمەش جیاواز دەبێت لە وەبەرهێنان کردن لە سندوقی وەبەرهێناندا کە هەڵدەستێت بە کڕینی هەبووەکانی دامەزراوە بە ئامانجی بەدیهێنانی قازانج کاش بەبێ دەست گرتن بەسەر کارگێڕی کۆمپانیا. لەگەڵ ئاگاداری پێویست لە قورسی جیاوازی کردن لە هەردوو جۆری وەبەرهێنانەکاندا (هارون، 2017 : ص9).

بریتی یە لەو وەبەرهێنانەی کە دەڕوات لەسەر چاودێریکردنی دامەزراوە کە شێوەی دروستکردنی دامەزراوە لەلایەنی وەبەرهێنەر دەگرێتە خۆ بە کڕینێکی گشتی یاخود دامەزراوە لە وڵاتی میواندا لەبەر ئەوە وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ بەبێ پێدانی پارە، بەڵکو دامەزراوە بیانیەکە بەرپرسە لە کارگێڕی کرداری پرۆژەکە وە جێ بەجێکردنیشی لە ڕێگای کۆمپانیا لە جێی وەبەرهێنەرە تاکەکان (الثعلبي، 2015 : ص23).

**وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ :**

وەبەرهێنان بیانی ڕاستەوخۆ پێناسە دەکرێت بەوەی کە بەکارخستنی سەرمایەی بیانیە لە هەبووەکانی سەرمایە جێگیر لەوڵاتێکی دیاریکراو زۆر جار وایە کە ماوەی وەبەرهێنانە ماوەیەکی درێژ دەبێت وە سوود و قازانجەکانی وەبەرهێنەر ڕەنگ دەداتەوە لە وڵاتێکی تر، وەبەرهێنەر مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی هەبووەکان بکات لەگەڵ چاودێریکردنیان لە وڵاتە بیانیەکەی دا یاخود لەو وڵاتەی کە تێیدا نیشتەجێ یە وەبەرهێنەرەکە تاک بێت یاخود کۆمپانیا بێت یانیش دامەزراوە بێت بەهەر شێوەیەک بێت. ئەم وەبەرهێنەرە بیانیانە پارەدار دەکرێن لە ڕێگای ئەو سەرمایەی کە وەبەرهێنەرە بیانیەکان پێشکەشی دەکەن وە پارەدارکردنەکە شێوەی خاوەنداریەتیەکی قەرزدارانە لەخۆ دەگرێت وە بە شێوازانێکی جیاجیاش، بەڵام وێستگەکانی کە وەبەرهێنەر دەیگرێتەبەر لە چالاکیەکانی بریتی یە لە کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان، بەمەش وەبەرهێنانی بیانی پێناسە دەکرێت بەوەی ئەو کەسەیە کە وەبەرهێنانە بیانیەکان دروست دەکات وە ئەم کەسەش یا کەسێکی ئاسایی دەبێت یا معنوی وە نوێنەری کارەکانی کۆمپانیا یا دامەزراوە دەبێت وە لەوانەیە وەبەرهێنەر وڵاتێک بێت لە نێو کۆمەڵە وڵاتێکدا، بەڵام زۆر جار وەبەرهێنەر کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان دەبێت کە گەورەترین سەرچاوەن بۆ ئەو وەبەرهێنانانە. وە دەکرێت گواستنەوەی سەرمایە بە ڕاستەوخۆ بێت یاخود لەڕێگەی دامەزراوە بانکیەکان بێت (قویدري، 2011 : ص36).

**تایبەتمەندی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ :**

وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ کۆمەڵە تایبەتمەندیانێکی هەیە لە دیارترین ئەو تایبەتمەندیانە : (الاسرج، 2006 : ص87)

1. وەبەرهێنەری بیانی دەبێتە خاوەنی بەشێکە لە وەبەرهێنانەکە یاخود هەموو لە پڕۆژە دیاریکراوەکەدا.

2. وەبەرهێنەری بیانی هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی پرۆژەکە لەگەڵ وەبەرهێنەری خۆماڵی ئەگەر هاتوو وەبەرهێنانەکە هاوبەش بوو.

3. وەبەرهێنەری بیانی هەڵدەستێت بە گواستنەوەی ئەندازەیەک لە کەرەستەی تەکنەلۆژیایی و وە سەرچاوەی مرۆیی و ئەزموونی پیشەیی بۆ ئەو وڵاتەی کە کاری وەبەرهێنانەکەی تێدا دەکات.

**وەبەرهێنانی بیانی ناڕاستەوخۆ :**

ڕۆڵی ئەم وەبەرهێنانە کورت دەکرێتەوە لە پێشکەشکردنی سەرمایە بۆ لایەنێکی دیاریکراو بەبێ ئەوەی خاوەن سەرمایە هیچ شتێکی هەبێت لەچاودێریکردن یاخود بەشداری کردن لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پرۆژەی وەبەرهێناندا. لە وێنەکانی وەبەرهێنانی ناڕاستەوخۆ کڕینی پشک و قەواڵە و بڕوانامەی پێدان لە بانکی نێودەولەتی وە کڕینی پشکە قەرزییە گشتی و تایبەتیەکان. وە کرینی ئاڵتون و کانزا بە نرخەکان و شتە بەنرخەکانی تریش (بولعيد، 2005 : ص109).

ڕواڵەتی وەبەرهێنانی بیانی بەوە دەناسرێتەوە کە چالاکیەکی ناوەخۆیی و دەرەکی هەیە، وە لەڕێی ئەم ڕواڵەتەوە چەمکی هەڵقوڵین بۆ ناوەوە و دەرەوەی وەرگرتووە، بەروبوومی ناوەخۆیی بۆ وەبەرهێنانی بیانی مەبەست پێی چوونە ناو وڵاتێکی دیاریکراوە وڵاتەکەش دەبێتە میواندار بۆی، دەسکەوتی دەرەکی بۆ وەبەرهێنانی بیانی مەبەست پێی ئەو شتەی کە لەوڵاتێکی دیاریکراو دەردەچێت وە دەبێتە سەرچاوە بۆی، لەکاتێکدا ئەم چالاکیە بەم شێوەیە ئاسان نیە، بەڵکو ئەم چالاکیە ئامرازانێک و فرە هێزانێک بەڕێوەی دەبەن وە لە پشتیەوە چەندان هۆکاری جۆراوجۆر هەن بەڵام جێ بەجێکار بۆ ئەم دەسکەوتە ناوەخۆیی و دەرەکیانە زۆربەی جار حکومەت و کۆمپانیاکانن (التميمي، 2006 : ص162).

وە لە باشترین وەبەرهێنانەکان لەلای وەبەرهێنەرە بیانیەکان وەبەرهێنانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کە لەم حاڵەتەدا مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو چالاکیە هەڵبژێرن کە دەیانەوێ

وەبەرهێنانی تێدابکەن وەهەروەها مافی کۆنترۆڵ کردنی ئەو پرۆژانەشیان هەیە، کە لەم جۆرە وەبەرهێنانەدا باڵا دەست بوونیان یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم وەبەرهێنانە.وە دەوڵەتی میواندار مافی ئەوەی هەیە کە وەبەرهێنەرەکان ئاراستە بکات بەرەو ئەو چالاکی ئابووری دیاریکراو بەپێی پێویستیەکانی وڵات وە ئەم ئاراستەکردنەش بەپێی یاسا نیشتیمانیەکان دەبێت کە وەبەرهێنان رێک دەخات (حمە، 2017 : ص82).

**تەوەرەی دووەم: ئامانج و پاڵنەرەکانی وەبەرهێنەر بیانی :**

شتێکی سروشتیە کە هەریەکە لە وەبەرهێنەر و وڵاتی میواندار کە هەریەکەیان کۆمەڵە ئامانج و پاڵنەرێکیان هەبێ کە هەوڵی بەدیهێنانی بەکارکردن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر لە پێناو گەیشتن بە بەرژەوەندەکانیان. وە زۆرجار وایە وڵاتی میواندار هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵە رێککارێک، وەک رێککاری کارگێری و یاسایی بۆ هاندانی وەبەرهێنەرەکان بە هەڵسان بە ئەنجامدانی وەبەرهێنان، وە لەمانەی خوارەوە دیارترین ئەو ئامانج و پاڵنەرانەن : (الاسرج، 2006 : ص176 – 177)

**ئامانجەکانی وەبەرهێنەر**

1. بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو لە وڵاتی وەبەرهێنەر تیاکراودا لەپێناو بەکارهێنانی لە خاوەنەکەی.

2. سوود وەرگرتن لەو یاسایانەی کە وڵاتی میواندار دەیبەخشێت بە وەبەرهێنەران لە پێناو راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ وڵاتەکەی وە راکێشانی گۆڕانکارییەکان لە سەرمایە و دراوە قورسەکان.

3. کردنەوەی بازاڕی نوێ بۆ بەرهەم و کەل و پەلی کۆمپانیا بیانیەکان بەتایبەت بە بازاڕکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەل و پەلە چەق بەستووەکان ئەو کەل و پەلانەی کۆمپانیاکان ناتوانن بازاڕی بۆ بکەنەوە لە وڵاتەکەیاندا.

4. سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندیەکی گرینگی وڵاتە تازە پێشکووتوەکان و زۆربەی وڵاتە وەبەرهێنەرەکان تێیدا، بەشێوەیەک کە خەرجی چینی کرێکار تێیدا لە ئاستێکی نزمدایە بەرامبەر بە وڵاتە پێشکەوتووەکان، وەهەروەها لە ئاستێکی نزمدایە لە تێچووی بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو و تێچووی گواستنەوەی و هی تر، وە لە دواتردا ئەم لایەنەنانە پاڵنەرێکی تری هاندەر دادەنرێن بۆ وەبەرهێنان وە ئامانجێکە وەبەرهێنەر هەوڵدەدات بەدەستی بهێنێت.

5. بەدیهێنانی قازانج لە وڵاتی میوانداردا بەشێوەیەکی زیاتر لە ئەو کارو چالاکیانەی کە لە ناوەخۆیی وڵاتەکەدا هەیە.

6. کۆمپانیا بیانیەکان بەشێوەیەکی ئاسان دەتوانن کێبڕکێی کۆمپانیا خۆماڵیەکان بکەن لەڕووی جۆری وەبەرهێنان و کەمی نرخ و جۆرەکانی خزمەتگوزاری و ئەمەش بەهۆی هەبوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو وە سەرمایەی پێویست.

7. کۆمپانیا بیانیەکان سوود لە وەبەرهێنانەکانیان دەبینن لەوڵاتانی میواندا لە کەمی مەترسیەکان لەبەر ئەوەی وەبەرهێنان بەشێوەیەکی زۆر بڵاو دەبێتەوە بە وڵاتەکاندا کاتێک کە مەترسی کەم بێت.

8. خۆ پاراستن لە مەترسیە جۆر بە جۆرەکان بەتایبەتی لە مەترسیە سیاسیەکانی وڵاتی دایک.

**پاڵنەرەکانی وڵاتی میواندار :**

لە دیارترین ئەو پاڵنەرانەی کە وڵاتی میواندار هەوڵی بەدیهێنانی دەدات ئەمانەن : (اسماعیل، 2017 : ص67)

1. سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیایی پێشکەوتوو وەهەروەها سوود وەرگرتن لە زانستی کارگێڕی نوێ کە وڵاتە پێشکەوتووەکانی پێ جیادەکرێتەوە، لەگەڵ بەگەڕخستنی ئەزموونە کارگێڕییەکان لەزۆربەی دۆخەکاندا.

2. ولاتی میواندار بەهێنانی سەرمایەی بیانی وەبەرهێنان بۆ ولاتەکەی لەرێیەوە هەوڵدەدات کە کێشەکانی بێکاری نەهێڵێت یاخود کەمی بکاتەوە وە کێشەی سنورداری هەلی کار چارەسەر بکات ئەمەش لەرێی بەگەڕخستنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارەکان لە پڕۆژەکاندا کە دروست دەکرێن.

3.بەهۆی وەبەرهێنان ولاتی میواندار هەوڵدەدات ڕێژەی هاوردەکردن زیاد بکات وە هەروەها چاککردنی هاوسەنگی تەرازووی پێدراوەکان بەتایبەت هەڵسانی پڕۆژە دیاریکراوەکان بە هەناردەکردنی بەرهەمەکانی بۆ دەرەوە.

4. کەمکردنەوەی هاوردەکردن ئەمەش لەڕێگەی زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی تاکو کەل و پەلی هاوردەکراو بگۆڕدرێتەوە بە کەل و پەلی خۆماڵی.

5. ڕاهێنان کردن بە کرێکارە خۆماڵیەکان لەسەر کارە پیشەیی و کارگێڕییە پێشکەوتووەکان، هەروەها بەکارهێنانی ئامرازە وەبەرهێنانە پێشکەوتووەکان.

6. وە لەکۆتایدا ولاتی وەبەرهێنەر تێکراو هەوڵدەدات بچێتە ناو بازاڕی بازرگانی وە باشترکردنی چالاکییە بازرگانیەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە.

وە لێرەدا باوەڕانێکی دژ و پاڵپشتی کەرانێک هەن بۆ وەبەرهێنانی بیانی لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا، لایەنگرانی وەبەرهێنانی پشت دەبەستن بە کۆمەڵە پاڵنەرێک کە ئەو پاڵنەرانە وەک پاکانەیەک دەبینن بۆ کۆکردنەوەی وەبەرهێنان بیانی لە دیارترینیان ئەمانە : (الثعلبي، 2015 : ص93)

1. وەبەرهێنانی بیانی بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت سوود ببینێت لە بەکارهاتووەکان لە ڕێگای هەڵسانی وەبەرهێنەری بیانی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی تێچووی وەبەرهێنان وباشترکردنی جۆریەتی بەرهەم هێنراو.

2. وەبەرهێنەری بیانی هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی ئەزموون و ڕاهێنان کردن بە کرێکاری خۆماڵی کە گونجاو بن بۆ ئەو بوارە لەبەرامبەر بەدەستهێنانی شیاوی پێویست لە ئەنجامداندا.

3. وڵاتی میواندار سوود دەبینێت لە وەبەرهێنانی بیانی لەڕێگای ئەو باجانەی کە دەیخاتە سەر کەرەستەکان.

4. لەوەیە وەبەرهێنەری بیانی هەڵسێت بە هەندێک پڕۆژە کە ببنە پایە بۆ ئابووری، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە سوود دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی میواندار.

5. کەرتی تایبەت لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا هێشتا لە توانای دا نیە بچێتە ناو هەندێک لەو پیشەسازیانەی کە خاوەن تەکنەلۆژیای پێشکەوتوون وەک پیشەسازییە قورسەکان کە پێویستیان بە سەرمایەی زۆر و ئەزموونی بەرز هەیە کە لە توانای وەبەرهێنەری بیانی هەیە ئەنجامی بدات وە سوودی زۆر بۆ وڵاتی میواندار بەدی دەهێنێت.

وە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە کەسانێک هەن دژی وەبەرهێنانی بیانین وە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکەنەوە : (هارون، 2017 : ص110)

1. ئەزموونە مێژووییەکانی هەندێک لە وڵاتان ئاماژە بەوە دەکەن کە وەبەرهێنەری بیانی بەو شێوەیە ئاراستەی پڕۆژەکان دەکات کە قازانجی بۆ بەدیبهێنێت بە زووترین کات، بەبێ ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەوڵاتی میواندا.

2. وەبەرهێنەری بیانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پڕۆژە نەتەوەییەکان کە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کێبڕکێی پڕۆژە هاوشێوەکانی بکات کە وەبەرهێنەری بیانی پێی هەڵدەستێت، وەهەروەها پڕۆژە بیانیەکان کێبڕکێ دەکات لەگەڵ پڕۆژە نەتەوەیەکان لەبەدەستهێنانی کەرەستەی سەرەکی و کرێکاری ڕاهێنراو وە بەتایبەت کە پڕۆژەی بیانی لە توانای دایە کرێ ئەو کرێکارانە بدات.

3. پرۆژە بیانیەکان زۆرجار وایە ئەو تەکنەلۆژیایەی هاوردەی دەکات یاخود دەیگوازێتەوە بەشێوەی پێچراو دەیانکات، بەشێوەیەک کە ئەمە ڕێگە نادات بە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان کە ئەزموون بەدەست بێنن لە پارچەکانی ئەو تەکنەلۆژیا پێچراوە.

4. وەبەرهێنەری بیانی زۆربەی جار هەڵدەستێت بە ناردنی قازانجەکانی بۆ دەرەوە کە ئەمەش وادەکات یارمەتیدەر نەبێت لە کەڵەکەبوونی دارایی لە وڵاتی میواندا.

5. لەوەیە وەبەرهێنانی بیانی لە وڵاتی میواندار بەرەو دۆخێکی ناجێگری ئابووری و سیاسی ببات، لەبەر ئەوەی ئەم وەبەرهێنانە تایبەتمەندە بەوەی کە کاریگەری خێرایە وە زۆر بەرزی و نزمی تێدایە کە ئەمەش وادەکات وڵاتی تازە پێگەیشتوو لە توانای دا نەبێت بڕیاری ئابووری و سیاسی بدات کە ئەمەش وادەکات کە وڵاتانی تازە پێگەیشتووە بە پاشکۆی وڵاتانی پێشکەوتوو بمێننەوە، وەهەروەها ببنە پاشکۆی کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، وە قەیرانی وڵاتانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا لە ساڵی 1997 باشترین نموونەیە لەسەر ئەم خاڵە.

6. لەوەیە وەبەرهێنانی بیانی وابکات کە گەشەی ئابووری بێتەجێ بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی نابێت ئەگەرهاتوو خاوەن ئەم گەشەسەندنە دادپەروەر نەبێت لە دابەشکردنی پاشکەوتدا.

7. هەڵوەشاندنەوەی پابەندییەکان لەسەر وەبەرهێنەری بیانی هەلی ئەوە دەڕەخسێنێت بۆ بازرگانە پێشبڕکێ کەرە بیانیەکان زیان بگەیەنن بە وڵاتی میواندار لە وەبەرهێناندا، وە قەیرانی دارایی ئاسیا لە ساڵی 1997 باشترین نموونەیە لەسەر ئەمە.

## تەوەری سێ یەم
## ڕەخساندنی ژینگەیی بۆ وەبەرهێنانی بیانی

کۆمەڵە پاڵنەرێک هەن بۆ سەقامگیری وەبەرهێنان بەڵام ئەم پاڵنەرانە جیاوازن بەپێی پرۆژەی وەبەرهێنانەکە و ڕەگەزنامەی وەبەرهێنەر. ئەگەر دامانبنا بەوەی کە ئامانجی وەبەرهێنەر گەیشتن بێت بە بەرزترین ئاستی قازانج لە پرۆژەی وەبەرهێناندا لەدواتردا دەبینین کە قازانج پشت دەبەستێت بە سیفەتی سیاسی لەسەر ئەو داهاتە پێشبینیکراونە لە پرۆژەکەدا وە تێچووی پێویست بۆ دروست کردن و بەگەڕخستنی ئەو پرۆژەدا. ئابووریناسان کۆمەڵە پێوەرانێکیان بەکارهێناوە پێوانەکردنی قازانجی پرۆژەکان، وە بینینەوەی ئەم پێوانانە بە زانینی نرخی ئێستا دەبن بە پێدانی دارایی، وە ڕێژەی گەڕاوەی ناوەخۆیی وە شیاوی دیاریکراوی بۆ سەرمایە و وە شیاوی دیاریکراو بۆ وەبەرهێنان هەموو ئەم پێوەرانە لە ماوەی قازانجی پرۆژەکە ڕەنگ دەداتەوە، وە هەموو ئەم پێوەرانەش پێوەرانێکی ئابوورین، وە ئەمەش بەشێکە لە پاڵنەرەکانی تر کە پێک دێت لەوەی ناسراوە بە کرۆکی وەبەرهێنان، کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە بە نوێنەرایەتی کردنی بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یاسایی کە کاریگەریان لەسەر جوڵەی چالاکی دارایی، هەروەک دەناسرێت ئەو بارودۆخانەی کە لە ڕێیەوە کرداری وەبەرهێنانی تێدا دەوردراوە، وە کاریگەری ئەو بارودۆخانە بە ئەرێنی و نەرێنی لەسەر هەل و سەرکەوتنی پرۆژە وەبەرهێنەرەکان وە دواتریش چالاکی لایەنەکانی وەبەرهێنان، وە بارودۆخەکان کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هێمنی دەگرێتەوە، هەروەک چۆن بارودۆخی یاسایی ڕێکخستنە کارگێڕیەکانیش دەگرێتەوە (التميمي، 2006 : ص93).

لە پێشەوە بۆمان دەرکەوت کە کرۆکی وەبەرهێنان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت لەسەر ئەو بارودۆخە جیاجیانەی ناوی بنێین ژینگەکانی وەبەرهێنان کە پۆلێن دەکرێت بۆ ژینگە دارایی  و ئابووریەکان وە ژینگە یاسایی وە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان وە ژینگە کارگێڕییەکان، وە لەدیارترین ئەو ژینگانەش ئەمانەن :

1. ژینگەی ئابووری :

ژینگەی ئابووری خۆی دەبینێتەوە لەسەرچاوە سروشتیەکان کە شیاون بۆ بەکارهێنان وە هەروەها خۆی دەبینێتەوە لە هاوسەنگی و دەستی کارێک کە خەرجی کەم بێت، ئەم سەرچاوانە پێویستە دۆخی سیاسی جێگیر و وە چالاکی ئابووری و دارایی شیاو یان پاڵنەرانێک کە یارمەتیدەر بێت بۆ دروست بوونی ژینگەیەکی ئابووری دروست وەک ئاستی گەشەی ئابووری بەشی تاک لە بەرهەمی نەتەوەیی گشتی وە ڕێژەی جێگیر نرخی دراو وە ڕێژەکانی هەڵاوسان وە قەبارەی بازار وە سیاسەتێکی ئابووری ئازاد بهێنێتە دی وە لەگەڵ سەقامگیر بوونی قەبارەی کەرتی تایبەت وە هەبوونی کێبڕکێ لە بازاڕ و تێچووەکانی وەبەرهێنان (قويدري، 2011 : ص162).

2. ژینگەیی یاسایی :

ژینگەی یاسایی خۆی دەبینێتەوە لەو یاسایانەی کە هاندانی وەبەرهێنانی بۆ وەبەرهێنەر دەستەبەرکردووە بە یاسای باج و گومرگ و پاراستنی لە مەترسییە نا ئابووریەکان وەک سەرچاوەکان و دڵنیایی وەهەروەها مافی ناردنی قازانجەکانی بۆ هەر وڵاتێک لەبەر ئەمەیە کە وڵاتەکان پێشبڕکێ دەکەن لە دەرکردنی یاسایەک کە هاندەر بن بۆ وەبەرهێنان بەڵام بەو مەرجەی ئەو هاندانە نەبێتە بەفیڕۆچوونی سامانی وڵات (بلقاسم، 2006 : ص76).

3. ژینگەی سیاسی :

ژینگەی سیاسی خۆی لەو یاسایە دەبینێتەوە کە پەیڕەو دەکرێت لەو وڵاتەدا، وەبەرهێنەری بیانی ئارەزووی هەیە وەبەرهێنان لەو وڵاتانەی لەڕووی سیاسیەوە سەقامگیرن وە ئازادی تێدایە وە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن لەبەر ئەوەی ئەمە داخوازییەکی سەرەکی بۆ دروست کردنی ژینگەیەکی سیاسی کە ببێتە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، ئەمەش دەزگایەکی حکومی لە خۆ دەگرێت کە هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی کاتی ویستراو بۆ

بەدەستهێنانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی پڕۆژەکان، وە دژایەتی کردنی بیرۆقراتیەی دەزگای حکومی وە دژایەتی کردنی گەندەڵی دارایی وە کارکردن بە شەفافیەت، لەگەڵ پلاندانان و جێبەجێ کردن و بەدواداچوون وە ڕەواج پێدانێک بە ئامانجی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی. بەڵام ئەم بابەتە دوور نیە لە ڕوودانی مەترسی سیاسی کە پەیوەندی دار بێت بە گۆڕانکاری ژینگەی سیاسی یاخود حکومەت ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی هەڵیدەوەشێنێتەوە لەدوای جێ بەجێ کردنی وەبەرهێنان (محمد، 2012 : ص102).

4. دۆخی بازار و ڕێژە و سروشتی کێبڕکێی باو تێیدا :

کە خۆی دەبینێتەوە لە قەبارەی خواست لەسەر بەرهەمی پڕۆژە وەبەرهێنانەکان کە کاریگەر بێت بە بازار و ئیمکانیەتی فراوانبوونی بازار بەتایبەتر لەو ناوچانەی کە تێیدا ڕەواج کردنی کەل و پەل لەهەمان ناوچەی پڕۆژەی وەبەرهێنانەکەدا دەبێت. لەگەڵ کێبڕکێی توندا چەند مەترسیەک دروست دەبێت کە پەیوەستدار دەبێت بە ڕەواجدان بۆ ئەو کەل و پەلەی ڕەواجی پێدەدرێت کە ئەمەش تێچوویەکی زۆی دەوێت کاریگەری دەبێت دەستکەوتی وەبەرهێنانی بیانی (الثعلبي، 2015 : ص92).

خشتەی (1) وەبەرهێنان بە پێی شار و سەرمایە و ڕووبەر

| پارێزگا | ژمارەی پڕۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕووبەر بە دۆنم | شار بۆ سەرمایە % |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 446 | 35,267,435,408 | 36,776,4 | %59,93 |
| هەڵەبجە | 4 | 17,145,000 | 26,9 | %0.03 |
| ناوچەی گەرمیان | 31 | 680,373,799 | 1,882,3 | %1.16 |
| ناوچەی ڕاپەڕین | 17 | 249,945,557 | 476,1 | %0.42 |
| سلێمانی | 219 | 16,142,656,408 | 16,116,8 | %27,43 |
| دهۆک | 274 | 6,491,439,467 | 17,384,2 | %11.03 |

سەرچاوە : دەستەی وەبەرهێنان، بەشی داتا و ئامار، 2021.

لە خشتەی  ژمارە (1) ئاماژە دەكات بۆ وەبەرهێنان بە پێی شار و سەرمایە وە دەردەكەوێكەوا شاری هەولێر پلەی یەكەمی هەیە لە ژمارەی پڕۆژەكان بە ژمارەی (446) پڕۆژە پاشان شاری دهۆك دێت بە پلەی دووەم كە بری (274) پڕۆژەیە وە شاری هەڵەبجەش بە 4 پڕۆژە لە ڕیزبەندی كۆتایی دێت.

خشتەی (2) وەبەرهێنان بە پێی سێکتەرەکان و سەرمایە و ڕووبەر

| سێکتەر | ژمارەی پڕۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕووبەر بە دۆنم | سێکتەر بۆ سەرمایە % |
|---|---|---|---|---|
| بازرگانی | 176 | 4,781,756,931 | 7,111,7 | %8.13 |
| بانکەکان | 4 | 756,682,661 | 1,6 | %1.29 |
| تەندروستی | 62 | 1,084,908,247 | 307,7 | %1.84 |
| پیشەسازی | 253 | 19,395,627,393 | 12,161,0 | %32.96 |
| خزمەت گوزاری | 15 | 329,992,248 | 1,707,8 | %0.56 |
| گەشتیاری | 176 | 12,865,402,187 | 8,808,2 | %21.86 |
| گەیاندن | 4 | 212,995,942 | 7,0 | %0.36 |
| گواستنەوە | 3 | 130,704,000 | 225,0 | %0.22 |
| فێرکردن | 45 | 998,419,260 | 1,940,0 | %1.70 |
| کشتوکاڵی | 35 | 1,056,900,454 | 11,886,1 | %1.80 |
| نیشتەجێ بوون | 184 | 17,086,260,138 | 28,345,5 | 29.03 |
| هونەری | 4 | 18,784,467 | 17.0 | %0.03 |
| وەرزش | 30 | 130,561,711 | 143,8 | 0.22 |

سەرچاوە : دەستەی وەبەرهێنان، بەشی داتا و ئامار، 2021.

لە خشتەی ژمارە (2) کە تایبەتە بە وەبەرهێنان بە پێی سێکتەر و سەرمایە و ڕووبەر کە سێکتەری پیشەسازی بە پلەی یەکەم دێت کە (253) پرۆژەی کردیە، وە سێکتەری نیشتەجێ

بوون بە پلەی دووەم دێت کە 184 پڕۆژەی کردیە، وە سێکتەری گواستنەوە بە تەنها 3 پڕۆژەی هەبووە.

خشتەی ژمارە (3) وەبەرهێنان بە پێی جۆری وەبەرهێنان و وولآت

| وولآت | ڕەگەزنامەی وەبەرهێنەر | ژمارەی پڕۆژە | سەرمایە بە دۆلار | جۆری وەبەرهێنان % | بە پێی سەرمایە |
|---|---|---|---|---|---|
| نیوزلەندا | بیانی | 1 | 98,189,850 | %1.93 | %0.17 |
| لبنان | بیانی | 9 | 10,024,024,340 | %20.10 | %1.74 |
| کویت | بیانی | 1 | 10,570,000 | %0.21 | %0.02 |
| فەرەنسا / لوبنان | بیانی | 1 | 7,082,207 | %0.14 | %0.01 |
| سوید | بیانی | 1 | 17,372,000 | %0.34 | %0.03 |
| سوری | بیانی | 1 | 8,300,000 | %0.16 | %0.01 |
| روسی | بیانی | 1 | %2,805,670 | %0.06 | %0.00 |
| جۆرجیا | بیانی | 1 | 600,000 | %0.01 | %0.00 |
| تورکیا | بیانی | 15 | 1,229,840,673 | %24.14 | %2.09 |
| بەریتانیا | بیانی | 1 | 12,500,000 | %0,25 | %0.02 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئیمارات | بیانی | 2 | 2,527،216،000 | %49.62 | %4.29 |
| ئێران | بیانی | 1 | 14،950،802 | %0.29 | %0.03 |
| ئەمریكا | بیانی | 4 | 115،822،925 | %2.27 | %0.20 |
| ئەلمانیا | بیانی | 2 | 24,355,712 | %0.48 | %0.04 |
| | بیانی | 41 | 5,093,630,179 | %100.00 | %66,.8 |

سەرچاوە : دەستەی وەبەرهێنان، بەشی داتا و ئامار، 2021.

لە خشتەی ژمارە (3) وەبەرهێنان بە پێی جۆری وڵات تورکیا بە پلەی یەکەم دێت کە (15) پڕۆژەی هەبووە، لبنان بە پلەی دووەم دێت کە (9) پڕۆژەی هەبووە، وە هەریەک لە وڵاتانی ئێران و بەریتانیا جۆرجیا و روسیا و سوریا و سوید لوبنان و فەرەنسا و کوێت و نیوزلەندا بەتەنها یەک پڕۆژەیان هەبووە.

خشتەی ژمارە (4) وەبەرهێنان بە پێی جۆری وەبەرهێنان – سەرمایەکان بە ملیۆن دۆلار

| جۆری وەبەرهێنان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | ناوچەی گەرمیان | ناوچەی ڕاپەڕین | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بیاني | 4,489 | | 605 | | | | 5,094 | %8.66 |
| خۆماڵی | 30,100 | 13,683 | 5,290 | 17 | 680 | 250 | 50,020 | 85.00 |
| هاوبەش | 679 | 2,460 | 596 | | | | 3,735 | 6.35 |
| کۆی گشتی | 35,267 | 16,143 | 6,491 | 17 | 680 | 250 | 58,849 | %100.00 |

لە خشتەی ژمارە (4) وەبەر هێنان بە پێی جۆری وەبەر هێنان لێرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاری هەولێر بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەکەی (35,267) وە شاری سلێمانی لە پلەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی (16,143) وە شاری هەڵەبجەش لە پلەی کۆتایی دێت کە ڕێژەکەی (17).

**بەشی سێ یەم: دەرەنجام و پێشنیار**

**دەرەنجام :**

1- هەریەک لە بوارەکانی پیشەسازی و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان، تا ئێستاش لە سەرەتادان، هەر بۆیە لە ساڵی 2021، بە بەهای زیاتر لە 6 ملیار دۆلار، کەلوپەل هاوردەی ناوخۆی هەرێم کراون.

2- هەرچەندە هیچ داتایەکی فەرمیی نوێ لەبارەی ژمارەی کرێچییەکانی هەرێمی کوردستان و بێکاری بەردەست نییە، بەڵام دۆخی هاوڵاتییان پێمان دەڵێن، هەردوو ڕێژەکە بەرزن.

3- ئابووری کوردستان پشت دەبەستێت بە سەرچاوەکانی هەرێمی کوردستان لە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیریدا لەگەڵ لاوازیەکی گەورە لە کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی ناوچەیی لە کرداری گەشەسەندندا.

4- کەم بوونەوەی سەرچاوە سروشتیەکان لاوازی ژێرخانی ئابووری و توانای ئەم ژێرخانە لە فەراهەم کردنی ئاستی پێویست لە ئاسایشی خۆراک و ئابووری لە بارودۆخە ئاڵۆزەکان ئەمەش ئەو ناوچە جوگرافیەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی.

**پێشنیار :**

1- کەرتی گەشتیاریش ڕوو لە بوژاندنەوەیە، بۆیە دەبێت گرنگی بە گەشتیاریی زستانەوە و ئایینی بدرێت، ژینگەی هەردووکیان ئێستا لەبارە.

2- پێویستە پرۆژەکانی وەبەرهێنان دابەش بکرێن بەسەر هەموو شار وشارۆچکەکاندا، ئەوەی بینراوە، تا ئێستا زۆربەی پرۆژەکان بەتایبەت خانوبەرە، لە سەنتەری شارەکان ئەنجامدراون.

3. نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و ڕاشکاوانە بۆ وەبەرهێنانێکی ئاقلانە بۆ سەرچاوە ئابوورییەکانی تر کە هەن لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتر سەرچاوەی ئاو و گەشتوگوزار و سەرچاوەکانی تر.

4. دواکەوتویی خزمەتگوزارییە دارایی و بانکیەکان وە دواکەوتوویی سیستەمی باج وە هەبوونی ئەو نارێکیەی لە خاڵە گومرگیەکان هەیە.

**لیستی سەرچاوەكان :**

آية القرانية.

الاسرج، حسين عبدالمطلب، (2006)، الاستثمار الاجنبي المباشر في الدول العربية، الواقع والطموحات، مجلة شؤون اجتماعية، المصرية.

اسماعيل، محمد، (2017)، محددات الاستثمار الاجنبي المباشر في الدول العربية، صندوق النقد الدولي.

بلقاسم، مصباح، (2006)، اهمية الاستثمار الاجنبي المباشر ودوره في التنمية المستدامة – حالة الجزائر، رسالة ماجستير في العلوم التسيير.

بولعيد، بعلج، (2005)، معوقات الاستثمار في الجزائر، جامعة قسنطينة – الجزائر.

التميمي، سامي عبيد، (2006)، الاستثمار الاجنبي المباشر في العراق : الواقع والتحديات مع نظرة خاصة لقانون الاستثمار الاجنبي لعام 2006، جامعة البصرة، كلية الادارة والاقتصاد.

الثعلبي، ساهرة حسين زين، (2015)، اثر الاستثمار الاجنبي المباشر في النمو الاقتصادي لدولة قطر خلال المدة (1989 – 2013) دراسية قياسية، البصرة.

حمه، كامران احمد، (2017)، واقع عملية الاستثمار في اقليم كوردستان العراق خلال الفترة 2006 – 2014، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة السليمانية.

دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان، بەشی داتا و ئامار، 2021.

قويدري، كريمة، (2011)، الاستثمار الاجنبي المباشر والنمو الاقتصادي في الجزائر، رسالة ماجستير في العلوم الاقتصادادية تخصص مالية دولية، جامعة ابي بكر بلقايد، جزائر.

محمد، نورية عبد، (2012)، اثر الاستثمار الاجنبي FDI في مستقبل الاستثمار المحلي العربي دراسة تحليلية قياسية لبعض دول الخليج العربي للمدة 1992 – 2010، اطروحة دكتوراه.

هارون، عبيد، (2017)، دراسة تحليلية تقييمة لتجربة استقطاب الاستثمار الاجنبي المباشر حالة الجزائر ومصر (2000 – 2016)، الجزائر.